**Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê**
*Kurdistan National Congress*
**Congrès National du Kurdistan**
**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

KNK

Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 0032 2 647 30 84 Home Page: www.kongrakurdistan.net E-Mail: kongrakurdistan@gmail.com

# بانگهێشتی کۆبوونەوەی هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ سێ شۆڕشگێڕی کوردستان

**بەڕێز دەزگای کوردپێدیا**

هەروەک ئاگادارن رۆژی ٢٠١٨/١١/٦، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەریەک لە بەڕیزان جەمیل بایک، موردا قەرەیلان و دوران کاڵکانی خستە لیستی " داواکراو" و بۆ دەستگیرکردنیشیان خەڵاتی پارەی داناوە. بەڕێزان جەمیل بایک و موراد قەرەیلان و دوران کالکان ئەوە 40 ساڵ زیاترە بە سەربەرزیی لە ریزی پێشەوەی شۆڕشی کوردستاندان. ئەو سێ رێبەرو شۆڕشگێڕە هەموو تەمەنی خۆیان بە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بەخشیوە. ئێستاش شەو رۆژ بە خۆبەخشیی و بێ هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەر لەو خزمەتە بەردەوامن.

ئەم بڕیارەی ئەمەریکا بڕیارێکی نایاسایی و نادادپەروەرە بە هیچ شێوەیەک پەسەند ناکرێت. ئەم بڕیارە لە کەسێتی ئەو سێ تێکۆشەرەدا، هێرشێکە بۆسەر شۆڕشی کوردستان و بەها کوردستانییەکان. لەدژی ئەو هێرش و بڕیارە نارەوایە، هەڵوێستێکی کوردستانی پێویستە. لەو بارەیەوە ئەمانەوێ کۆبوونەوەیەکی فراوان لە ژێر ناونیشانی **" هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ سێ تێکۆشەری کوردستان "**، رێکبخەین. ئێمە زۆر بە گرنگی ئەزانین هەموو پارت و رێکخراوە کوردستانییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار ببن. هەروەها کۆمەڵێک کەسایەتیش بانگهێشت ئەکرێن.

**کۆبوونەوە رۆژی شەممە، ٢٠١٨/١٢/١٥، لە برۆکسل، کاتژمێر ١٠ و نیوی سەرلەبەیانی دەست بەکارەکانی ئەکات. ئادرێسی شوێنی کۆبونەوە لە خوارەوە نووسراوە.**

ئێمە بانگهێشتتان ئەکەین بۆ **کۆبوونەوەی " هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ سێ تێکۆشەری کوردستان "**. هیواخوازین لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بن.

بەهیوای دیدارێکی گەرم و سەرکەوتوو

سڵاوو رێز

**کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**
**٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ برۆکسل**

**رۆژ:   شەممە 15.12.2018**

**کات:   10. 30 ئامادەبوون، 11.00 دەستپێکردن**

**شوێن:**

**Press Club Brussels**
**Froissart Straat, 95 - 1000 Brussel**

## رۆژەڤ:

- کردنەوە
- ئاخاوتن، هەڵوێست و پێشنیاز
- پلانسازیی
- ئەنجامنامە

## بۆ زانیاریی زیاتر و پەیوەندی

ناوەندی ک ن ک، **+32 2 647 30 84**
ڕەفیق غەفور، ، تەلەفۆن، واتسئاپ و ڤایبەر **+47 97989320**
ڕێناس، تەلەفۆن، واتسئاپ و ڤایبەر **+32 488 438330**

**سەرنج:**
**بۆ پێشوازی و ئامادەکاریی جێگاو ڕێگا، هیوادارین لە زووترین دەرفەتا بە هاتن و نەهاتن وەڵام بدەنەوە.**